# ئەڵقەیەکی زیرەک شای ئەڵقەکانە

لەم چەند ساڵەدا جگە لە کاتژمێری زیرەك، دەستبەندی زیرەکیش بۆ چاودێری تەندروستی بەرهەم هاتووە، کاتژمێرە هۆشمەندەکان جگە لەنیشاندانی کات، چاودێری وردی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات، وەك مەودای رۆیشتن، پێوانی لێدانی دڵ، پێوانی رێژەی کالۆری لەدەستچوو..تاد. ئەوانەی حەزیان لە دەستبەند و کاتژمێری سمارت نییە، دەکرێت ئەڵقەی هۆشمەندی oura ring بەکار بێنن. ئەڵقەیەك سەرەڕای جوانی و سەرنج راکێشیەکەی، دەکرێت چاودێری، خەو، لێدانی دڵ، رێژەی هەناسەدان و ئۆکسیژن وەرگرتن، زانینی گەرمیی لەش، ژماردنی هەنگاوەکان و رێژەی کالۆری لەدەستچوو بزاندرێ.

قەوارەی ئەم گوستیلانە US6 تا US13یە. کێشی لە نێوان ٤ هەتا ٦ گرام دایە. گوستیلەکە دوو مۆدێلی balance و heritage هەیە و رەنگەکانی، رەش و سپی و زێڕینی هەیە.



# خێراترین شەحنکەرەوە بۆ مۆبایل و لاپتۆپ

سەردەمێك کۆمپانیا چینییەکان تەنیا کۆپیان دەکرد، واتە لەبەرهەڵگرتنەوەی ئامێری کۆمپانیاکانی دیکەیان دەکرد. بەڵام کۆمپانیا زەبەلاحەکانی هواوی و شیائومی دەستیان کردووە بە نوێگەرایی و داهێنانی نوێیان کردووە، بۆ نموونە کۆمپانیای «شیائومی» لەم ماوەیەدا نوێترین تەکنەلۆژیای شەحنی خێرای خۆی خستەڕوو، شەحنی خێرای سەد واتی، تەنیا لە ماوەی ١٧ خولەکدا، مۆبایلێك شەحن دەکاتەوە، واتە لە سفرەوە بۆ سەد.

شەحنە خێراکە باترییەکی ٤٠ میلی ئامپێری لەگەڵدایە. خێرایی شەحنکەرەوە نوێیەکە دوو جار خێراترە لە superVOOC کە خێراترین تەکنەلۆژیە لە جیهاندا. ئەم سیستەمە خێراییە بە (super charge turbo) ناسراوە. ئەم شەحنکەرەوە خێرایە بۆ گشت ئامێرێك دەبێت تەنانەت بۆ لاپتۆپیش ئەوانەی شوێنی USB-Cیان هەیە.





# مۆنیتۆرێک دیزانێکی سەرنج راکێش و کوالیتیەکی بەرز

کۆمپانیای asus لەم ماوەیەدا مۆنیتۆرێکی نوێی لە جۆری OLED بەناوی PQ22UC بەرهەم هێناوە. ئەم مۆنیتۆرە کوالیتی نیشاندانی 4K و لە سیستەمی HDR پشتیوانی دەکا، بۆیە کوالیتییەکەی ئەوەندە بەرزە کە مرۆڤ هەست دەکات لە پشت جامێکی روونەوە وێنەکان دەبینێ.

دیزاینی مۆنیتۆری ناوبراویش زۆر سەرنج راکێشە، دەکرێت بە شێوەیەکی ئاسایی وەك تەلەڤزیۆنێك دابندرێ، دەکرێت لەسەر پایە و ستاندی تایبەتیش دابندرێ. ئەم مۆنیتۆرە لە شوێنی micro HDMI و دوو پۆرتی USB-CTM سوود وەردەگرێت. خێرایی گواستنەوەی داتاکان لەم مۆنیتۆرەدا پێنج گیگابایتە لە چرکەیەکدا.



# ئینجانەیەک شەحنیش دەکاتەوە

شەحن و بارگاوی کردنی ئامێرە دیجیتالیەکانی وەك مۆبایل و لاپتۆپ و کامێرا و ..تاد، یەکێکە لە ئاریشەکانی ئەم سەردەمە، بۆیە بۆ وزە بەخشین بەو ئامێرانە چەندین شێوازو سیستەمی نوێ بەرهەم هاتوون، یەکێك لەو ئامێرانەی بۆ شەحن کردنەوەی سوودی لێوەردەگیردرێت، ئینجانەیەکە کە بەبێ وایەر ئامێرەکان شەحن دەکاتەوە. شەحنکەرەوەکە بە (Oblio) ناسراوە و هی کۆمپانیای lexonە. بەکارهێنەران دەتوانن مۆبایلەکانیان وەك گوڵێك بخەنە ناو گوڵدانەکە و شەحن ببێتەوە. خاڵی جێگای سەرنج لە شەحنکەرەوە گوڵدانەکەدا ئەوەیە جگە لە بارگاوی کردنی مۆبایل بە سوود وەرگرتن لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی گشت باکتری و مایکرۆبەکان لە ماوەی سێ خولەکدا لەبەین دەبات.



# ئامێرێک بۆ گەیم و یاری

گەیم و یاری دیجیتالی لەم سەردەمەدا پانتاییەکی زۆری لە ژیانی گەنجان و هەرزەکاران داگیر کردووە، بەجۆرێك هەندێك خووی پێوەدەگرن و پێیوە ئالوودە بوون، هەرچەندە ئەمە خوویەکی پەسەند نییە، بەڵام بۆ حەسانەوەی جەستە و مێشك ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم بێت کێشە نییە. ئامێرەکانی گەیم گەلێکن، لە مۆبایل و کۆمپیوتەرەوە بگرە هەتا ئامێرە تایبەتییەکانی گەیم. یەکێك لەو ئامێرانە ئامێری win 2 maxە کە لەلایەن GPD بەرهەم هاتووە و سیستەمی ویندۆزی لەسەرە.

ئامێرەکە بچووکە و هەندێك لە مۆبایلێکی ئاسایی گەورەترە. هەروەك ئاماژە پێکرا سیستەمی ویندۆزی لەسەرە و ئەویش ویندۆز ١٠ و نوێترین گەمەکان لەسەر ئەم ئامێرە دەکرێنەوە. ئامێرەکە ئەگەرچی بچووکە بەڵام چونکە پرۆسیستەری جۆری core m3-7Y30 ULVی لەسەرە، هاوتای کۆمپیوتەرێکی سەرمێزە. شاشەکەی ٦ ئینجە، کیبۆردێکی نوێی لەسەرە و دوگمەکانی گەورەن و بۆ پەنجەکان کێشەی نایەتە پێش.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن جیاوازیی نێوان فلاش میمۆری عادی و ئەسڵی بزانم؟ خوێنەری بەڕێز، لەم سەردەمەدا کە کۆپی کردن و لەبەر هەڵگرتنەوەی هەموو شتێك زۆر ئاسانە، لە رووی رواڵەتەوە نازاندرێ کامە فلاش میمۆری ئەسڵییە و کامەیان عادییە، یان کامەیان مارکەیە و کامەیان کۆپییە. لە رووی کێشەوەش رەنگە هەڵنەسگێندرێ، چونکە ئەوانەی کۆپی دەکەن جار هەیە لە ناوەوە پارچە ئاسنێك دەخەنە ناوی بۆ ئەوەی کێشی زیاد بێ، بۆ ئەم رێگایە تەنیا چارەسەر بەکارهێنانی پرۆگرامەی تایبەتە یەکێك لەوانە پرۆگرامی Check Flash، ناوەکەی بەخۆیەوە، واتە هەڵسەنگاندنی فلاش میمۆری، ئەم پرۆگرامە خێرایی فلاشەکە، قەوارەی فلاشەکە، هەموو لایەنەکانی تایبەتمەند بە فلاشەکە باس دەکات، ئیدی بەو پرۆگرامە دڵنیا دەبی کە فلاش ئەسڵییە یان کۆپییە.

# ئامێری هەمەکارەی گوگڵ

گوگڵ ئیدی هەر ئەو سایتە نییە کە کاری بەدواداگەڕان و جیمێل بکات، کۆمپانیای مەزنی گوگڵ لەم چەند ساڵەدا خەریکی بەرهەمهێنانی ئامێری گرنگی دیجیتالیە، بەرچاوترینیان چاویلکەی گوگڵ، مۆبایلی گوگڵ، سیستەمی دەنگی گوگڵ، لەم دواییەشدا ئامێری هەمەکارەی گوگڵە..
ئامێری هەمەکارەی گوگڵ کە Google Home Hub ی پێدەگوترێ، بریتییە لە شاشەیەکی ٧ ئینجی پایەدار، زیاتر وەك کاتژمێرێکی سەرمێز دەچێت، بەڵام زۆر ئەرك و کار ئەنجام دەدات. دەکرێت ئەلبومێکی وێنەی دیجیتالی سوودی لێوەربگری، راستەوخۆ لەگەڵ گوگڵ فۆتۆ پەیوەند دەدرێ و وێنەکانی سەر گوگل فۆتۆ لە شاشەکە نیشان دەدرێن. دەکرێت وەك کاتژمێری سەرمێز سوودی لێوەربگیردرێت. هەروەها وەك کامێرای بەر دەرگاش بەکار دێت و پەیوەند دەدرێت لە زەنگی دەرگا و ئەو کەسەی لە پشت دەرگەیە دابندرێت و دەکرێت دەرگاشی پێبکرێتەوە. هەروەها لەگەڵ ئامێرەکانی ماڵەوە پەیوەند دەدرێت و وەك ریمۆت کۆنترۆڵ سوودی لێوەردەگیرێت، ئەگەر گلۆپەکانت هۆشمەند بن، دەکرێت بەهۆیەوە دابگرسێن یا بکوژێنەوە، هەروەها ئامێرەکانی دیکەش وەك تیڤی و سیستەمی گەرمی و ساردی.. کەش و هەوا نیشان دەدات و لەگەڵ سیستەمی دەنگی گوگڵ پەیوەند دەدرێت و دەکرێت لە گوگڵ داوای گۆرانی مەبەست بکەی، یان پرسیار بکەی و یا هەواڵەکانت بۆ بخوێنێتەوە.






# کامێرای چاودێری بۆ تاریکیش دەگونجێت

کۆمپانیای شیائومی کامێرایەکی چاودێریی بچووکی خستەڕوو، کە بە جۆری G2 Aqara ناسراوە. کامێرا چاودێرییەکە تایبەتمەندی زۆر باشی تێدایە، هەم ستایلێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی هەیە و شوێنێکی ئەوتۆ ناگرێ، ئەم تایبەتمەندی کامێرای چاودێری بەهێزی هەیە.

کامێراکە هەشت هەستەوەری تیشکی سووری لەسەرە و دەتوانێت لە مەودای هەشت مەتری دوورەوە لە شەودا فیلم هەڵبگرێتەوە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کامێراکە هیچ گلۆپێکی سووری نییە هەتا کەسانی دیکە هەست پێ بکەن.. کامێراکە زیرەکە بەو مانایە کە روخسارەکان دەناسێتەوە، رووخساری بەکارهێنەرانی و هەروەها ئەوانەی هاموشۆ دەکەن، تایبەتمەندییەکی گرنگی کامێراکە ئەوەیە کە ئەگەر گیاندارێکی ماڵەوە سەر لە ژووری منداڵان بدا، ئەوە زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ ئەو مۆبایلە دەنێرێ کە پەیوەندی پێوە هەیە.

کامێراکە فیلمەکان لە ئینتەرنێتدا هەروەها لە میمۆریدا رادەگرێ، پەیوەندی دوو لایەنەی هەیە واتە دەکرێت وەڵامیش بداتەوە، مەبەست ئەوەیە ئەگەر یەکێك لە دوورەوە پەیوەندی کرد دەتوانێ بەو کامێرایە وەڵام بدەیەوە.



## ماڵپەرێک بۆ تێکەڵ کردنی چەند فایلێکی mp3

زۆر جار چەند فایلێکی mp3 کە ناسراوترین فۆرماتی فایلی دەنگییە، لەبەردەستتدایە نیازت هەیە ئەم چەند فایلە ببێتە یەك فایل، بۆ نموونە چەند گۆرانی هونەرمەندێکن، دەتەوێ ئەم چەند گۆرانییە ببن بەیەك فایل و بە دوای یەکدا گۆرانییەکان بێن. لە کۆمپیوتەردا ئەگەر پرۆگرامی تایبەت بە تێکەڵکردنی چەند فایلت هەبێ بۆ ئەوانەی شارەزای ئەم بوارەن ئاسانە، بەڵام ئەگەر پرۆگرامێکی وات لەبەردەست دانەبوو، مەبەستیشت بوو ئەم کارە بکەی، ئەمە ماڵپەڕی Mergeaudio بەکار بێنە. لەسەرەتادا فایلەکان لە بەشی choose files هەڵبژێرە و پاشان ئەو فۆرماتەی مەبەستە دیاری بکە و ناوێکی لێ بنێ، دواتر دوگمەی merge دابگرە و فایلەکان بەدن بەیەك فایل و دایبەزێنە سەر کۆمپیوتەرەکەت.



# کاتژمێرێکی زیرەک بە دیزاینێکی جیاواز

کاتژمێرە زیرەکەکان لە بواری دیزاینەوە چ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کاتژمێری ئەنالۆگ نییە، تەنیا کارکردن و تواناکانیان جیاوازە. لەم ماوەیەدا کاتژمێرێکی زیرەك کە لە شێواز و ستایلیشدا لە کاتژمێرەکانی دیکە جیاواز دەکرێتە بەناوی (nubia Alpha) بەرهەم هات، کە هەموو تایبەتمەندییەکی مۆبایلی هەیە بەڵام وەك کاتژمێر لە دەست دەخرێت، وەك کاتژمێرێکی زیرەکیش چاودێریی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی وەك لێدانی دڵ، پێوانی ڕێگا، سووتاندنی وزە، چۆنییەتی خەو...تاد دەکات، دەکرێت بەو کاتژمێرە گوێ لە گۆرانیش بگری و وەڵامی پەیوەندییەکانیش بدەیەوە و وەك کامێرایەکیش وێنەی پێبگری.

کێشەیەکی کاتژمێرە زیرەکەکان ئەوەیە کە شاشەیەکەیان بچووکە، بەڵام ئەوەیان شاشەکەی چوار ئینجە و لە جۆری OLEDیە. یەك گیگا رامەکەیەتی، ٨ گیگابایت میمۆری ناوخۆیەتی. باترییەکی باشی لەگەڵدایە و کامێراکەی پێنج میگاپیکسلە.